

# ژیانی حافزی مەهابادی (لە زاری خۆیەوە)

## مەلا غەفوری دەباغی (1925 - 1990)

**ئامادەکردنی / زریان سەرچناری**

**چاو پێکەتن : ڕەسولْ ڕەش ئەحمەدی**

**١٥/٧/ ١٣٦٢**

**( 1981 ز)**

**پ: مامۆستای بەڕێز، ماوەیەکی زۆرە خەریکی کۆکردنەوەی شێعرەکانین، وا باشە بۆ شارەزایی خوێنەرانی بەڕێز ئەوەی لە بارەی خۆتدا وەبیرت دێ بە کورتی بۆمانی بڵێی؟**

**و: وەڵڵاهی ڕەسولْ گیان، ئەوەندەی لە بیرم بێ ژیانم هەر چارە ڕەشی و بەدبەختی بووە.**

**بنووسە: خەم، چاو لەدەستی، هەژاری، کەنەفتی، چارەڕەشی، ماڵ بەکۆڵی، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەوانە هیواداری بۆ دوارۆژێکی ڕووناك.**

**نێوم ( غەفور کوڕی دەروێش عەبدوڵڵا ) لە ساڵی ١٣٤٦ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٣٠٦ ی هەتاوی لە شاری ( سەقز ) لە دایك بووم، دوای ساڵ و نیوێك باوکم ماڵی چووە بۆ ( بانە ) و لەوێ خەریکی کەسپی دەباغچێتی بووە ، ئا لەو کاتەدا بۆ چەرم کڕین هاتووە بۆ مەهاباد .**

**سەفەری ئەودەمی بە کاروان و زۆریان پێ چووە، ڕێگاوبانیش وەك ئێستا نەبووە، لەو ماوەیەدا کە بابم دە سەفەردا بووە، ئازاری خروێکە( واتە ئاوڵە ) لە بانە پەیدا بووە، منیش لەبەر ئەوەی کەس نەبووە بمکوتێ تووشی ئەو ئازارە بووم. هەرچۆنێ بووە ئەو هەواڵەیان بە باوکم داوە، ئەو زەمان حەکیمێکی عرووسان لە مەهابادێ بووە گوایە دەرمانێکی بووە گەیاندبایە هەر چاوێك لە کوێر بوون ڕزگار دەبوو، مسقاڵی ئەو دەرمانە بە لیرەیەك و لیرەش ئەوکات ٢٨ قڕان بووە .**

**باوکیشم بە پەلە مسقاڵێك لەو دەرمانە دەکڕێ و بە کارواندا دەینێرێتەوە، بەڵام ئەو پیاوەی دەرمانەکەی منی پێ بوو لە سەقزی گیروگرفتێکی بۆ دێتە پێش و( نۆ ) ڕۆژان لەوێ ماتڵ دەبێ .**

**داخی داخانم، وەختایەکی دەگاتە( کەلیخان ) کە من بیناییم لە دەس داوە، ئەو چاوانەی هیوای دوارۆژی من بوون و بە هۆی ئەو چاوانەوە دەمتوانی ژیانێکی باشم بایە، ژیانێك دوور لە کەنەفتی و لارەملی و چاولەدەستی، وەکوو ئەو خەڵکە ئەمنیش بە کاسبی و ڕەنجی شان دەمتوانی بژیم و منەت لە کەس هەڵنەگرم، بەڵام بە داخەوە بە پێچەوانەی ویستی من، لەگەڵ ژیانێکی پڕ ئاخ و داخ و تەنگ و چەڵەمە و خۆزگە و بریا و دەس تەنگی و لارەملی و مەمنوونی ئەم و ئەو و زۆر شتی تر ڕووبەڕوو بووم.**

**کاتێ ئەو دەرمانە گەیشتەوە بانە، زۆر کەس لە هاوتەمەنەکانی من بەو ئازارە گرفتار ببوون فریایان کەوت، زۆریشیان چاوێکیان لە دەس دابوو چاوێکیان بۆ مابوو.**

**بۆ خۆم وەبیرم نایە، بۆیان دەگێڕامەوە دوای لەدەس دانی چاوەکانم یانی ئەو چاو لەدەس چوونە شوێنێکی خراپی لە سەر مێشك و ڕوحم دانابوو، تا ماوەیەك ڕوو بە شێتی چووبووم، شەوانە هەڵئەسام ڕام دەکردە دەرێی شاری، زۆر جار لە چاڵاو و قوڵکە دەکەوتم یا لە بان ڕا دەکەوتمە خوارێ، ناچار شەوانە باوکم یا دایکم بە پشتێن لە خۆیان دەبەستم، ئەوجار ئەگەر هەڵستابام وەخەبەر دەهاتن.**

گوایە ماوەی دوو ساڵ ئەمن ئاوا بووم، بە کورتی لە تەمەنی حەوت ساڵیدا باوکم نامیە بەر قورئان خوێندن و لای پیاوێك بە ناوی (میرزا حەمە کەریمی مەخرونی) کە ئەویش کوڕێکی وەك منی بوو، دوو سێیەکی دی لە لای ئەو پیاوە دەمانخوێند. زۆر ڕۆژی وا هەبوو پێکەوە دەسمان دەگرت و دەهاتین بێینەوە ماڵێ هەمووممان یا لە بانی ڕا دەکەوتینە خوارێ یا لە چاڵێ دەکەوتین، دەنا شتێکمان بە سەر هەر دەهات.

ناچار لە چوون و هاتنەوەدا یەکێکیان بۆ تەرخان کردبووین دەیبردینە لای مامۆستا و لە پاشان دەیهێنایینەوە.

باوکم تا بڵێی خۆشی دەویستم، زۆر جاران پێم دەکوت پێمخۆشە لەگەڵ حافزانی تر بمنێریە (سلێمانی) لەوێ دەخوێنم، لە جوابمدا هەموو جارێ دەیکوت: شتی وا نابێ، بێ تۆ هەڵناکەم.

بە داخەوە ئەو خۆشەویستییەی باوکم بە قازانجی من تەواو نەبوو . چونکی باوکم نەیهێشت هەر لەمناڵییەوە تاڵ و سوێری بچێژم و باشتر لە مەیدانی ئیمتیحانی ژیان دەرچم . هەستم بە ڕۆژەڕەشی و بوون و نەبوونی نەدەکرد، بەیانی کە نانیان بۆ دادەنام دەمکوت نایخۆم تا پێم نەڵێن بۆ نەهار چیمان هەیە؟ نەهاریش دەبوو بزانم بۆ شام چیمان دەبێ . باوکم منی وا بار هێنابوو، پێم وابوو ژیان هەتا هەتایە ئاوا ئەمێنێ.

تا ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی نیوەی قورئانم بە باشی خوێند، هەر لەو کاتەدا دەور و دووکانی (ڕەزا شا) تێکچوو، (حەمە ڕەشید خان) هێرشی هێنا بۆ بانە . دەور بوو بە دەوری عەشیرە و بەگزادە حوکمەت بە دەس ئەو دەبوو.

باوکم و شەریکەکەی لێ بڕان لە بانە کۆچ بکەن، ماڵیان بارکرد و لە بانە ڕۆیشتن . حاجی بابای شەریکی باوکم لە بۆکان گیرساوە و باوکیشم چونکی دوو برای تری لە سابڵاغ بوون ئەویش هات و لە سابڵاغ (مەهاباد) نیشتەجێ بوو.

لە سابڵاغیش باوکم بردمێ مزگەوتی (حاجی ئەحمەدی) و سەر لە نوێ لە لای مەلایەکی حافز کە ئەوکات لەو مزگەوتەیدا بانگی ئەدا بە نێوی مامۆستا (مەلا حەمەدی حاجی

**بایزی ) له بەر خوێندنی نامەوە . ئەو نیوەی لە بانەش خوێندبووم سەرلەنوێ دووپاتم کردەوە . بە کورتی لە ماوەی هەشت ساڵاندا قورئانم تەواو کرد.**
**لە ساڵی ١٣٣٠ ڕا زۆرتر خۆم دا بە شێعر لەبەرکردن و ڕەوان کردنی شێعری شاعیرانی کورد و فارس، کەیفم لە هیچی دی نەبوو، بەڵام باوکم ناچاری دەکردم کە هەر دەبێ بخوێنی، تەفسیری قورئان و شەرع و عیلم و... منیش هیچ وازم لە خوێندن نەبوو، هەرچۆنێك بوو هێندێکم خوێند، لە لای ( مەلاحوسێنی مەجدی ) هێندێکم عەرووز و قافیە و لە لای ( حاجی مەلا خالیدی وەحیدی دەربەندی ) هێندێکم شەرع و لە لای ( قازی محەممەدی خزری ) لە شنۆیە هێندێك شەرع و عەقایدم خوێند.**

**زۆرتری ماوەی ژینم لەگەڵ فەقێیان ڕابوارد و لە هاتوچۆی حوجرەکان و لە هاموشۆیاندا زۆر شتیان لێ فێر بووم، وردە وردە خۆم دا بە شێعر کوتن و زۆر جار شێعرەکانم لە بابەت شۆخی و هەجو و ئەوانەوە بووە، دوای ماوەیەك هەر لەلای فەقێیان، گوڵستان و دیباچەی یۆسف و زوڵەیخام خوێندن، هەر لەو کاتیشدا کە زۆر خۆم دابوو بە سەر شێعر کوتندا، پێم خۆش بوو شێعری شاعیران تەخمیس کەم، بەڵام چۆنیەتی ژیانم شوێنێکی قووڵیان لە سەر شێعرەکانم دانابوو، بە چەشنێ کە زۆربەی شێعرەکانم تاریف و زەمی خەڵکی بوو، زۆر جاران پێیان دەکوتم ئەو شێعرانە کۆ بکەمەوە باشە با بەخۆڕایی نەچن، دەمکوت شێعری من پایە و مایەیەکی وایان نییە بەکاری دوارۆژ بێن و بیان نووسمەوە.**
**لە ساڵی ١٣٣٥ لە شێوەی تاریف و زەمی خەڵکی لامدا و هێندێکم شتی تازە کوتن وەك ( کیژی سابلاغی و خەیاڵی خاو و بەهاری فارسی ) یەکەمین شێعری فارسی ساقی نامەیەك بوو هی ( شێخ عەبدوڵڵای تاڵەبانی ) کە تەخمیسم کرد، بە داخەوە نوسخەی ئەوم لەلای فەقێیان لێ ونبوو.**
**لە ساڵی ٥٦ و ٥٧ ی میلادی ئێزگەیە کی کوردی لە قاهیرە دەست بەکار بوو ڕۆژانە نیو سەعات بەرنامەی بڵاو دەکردەوە . زۆر هۆگری ئەو بەرنامەیە بووم و هەموو جارێ بەبیستنی ئەو بەرنامەیە هەست و مێشکم دەبووژانەوە.**

**له ساڵی ٥٨ ی میلادی که شۆڕشی چاردەی تەممووزی عێراق دەسی پێکرد به تەواوی هەستی من له بارەی شێعرەوە گۆڕا.**

**له ساڵی ٥٠ ڕا به هۆی تێکۆشانی برایەکی خۆشەویست فێری خەتی ( بڕایل ) بووم ورده ورده دەستم به خوێندن کرد تاوەکوو گەیشتە ئەوەی له تاقیکاری شەشەمی سەرەتاییدا بەژداریم کرد، مەبەستی من زۆرتر فێربوونی خەتی نابینایان بوو، ئەو خەتە له ١٢٠ ساڵ لەمەوبەرەوە له فەڕانسە ئیختیراع بووە و له ساڵی ٤٢ ی ( هەتاوی ) هاتۆتە ئێران و له دوای هەموو دەوڵەتەکانی دی بەکارهێنراوە، جا لەمەودوا هەرچی دەمکوت بەو خەتە دەمنووسییەوە یا له سەر شریت تۆمارم دەکرد.**

**له ساڵی ٤٤ ی هەتاویدا لێبڕام پەندی پێشینان کۆ کەمەوە و بیان هۆنمەوە و لەسەر ئەو لێ بڕانە زۆرم زەحمەت کێشا، دەمنارده دێهات پەندیان بۆ کۆدەکردمەوە، ئەمنیش دەمهۆندەوە، فەقێیەکانیش بۆیان دەنووسیمەوە، بەڵام داخی گرانم چەتەکانی ساواك ڕۆژێکی هێرشیان هێنا بۆ ماڵەکەم ئەو پەندانە و هێندێك له دیوانی شاعیرانی دیم له ماڵێ بوو لەگەڵ خۆیان برد، زۆرم هەوڵدا وەگێرم کەونەوە بۆم نەگونجا و زەحمەت به خەسار چووم . هاوارم بۆ ئیمام جومعەی ئەو کات برد تا بەڵکوو هەوڵم بۆ بدا و شێعر و کتێبەکانم بۆ وەرگرێتەوە . له وەڵاممدا کوتی : ( تازه لێیانگەڕێ و وەدوویان مەکەوە، ئەگەر به قسەی منیش دەکەی واز له شێعری کوردی بێنە. ) ئەو قسە ناخۆشترین قسەیەك بوو تا ئەوکات بیستبووم، وەك خوێ به برینا نمدا کرابێ بۆ ماوەیەکی ناهومێد و کاس ببووم.**

**له ئاخری ساڵی ٥٦ ی هەتاوی لێ بڕام هەرچۆنێکی بێ وەبیر خۆمیان بێنمەوە . دوای بیرکردنەوەیە کی زۆر ئەوەندەی ئێستا لەو دیوانەدا هەن، وەبیر خۆمم هێناوەتەوە و کۆمکردوونەوە . بەڕاستی لەسەر ئەو شێعرانە کوێرەوەری زۆرم کێشاوە .ئەوکات که به هیممەتی تۆی دڵسۆز نووسیبوومنەوە لێم ببوونە بەڵا و هەر ڕۆژەی له قوژبنێکیدا له ترسی ساواکی دەمشاردنەوە، تەنانەت ساڵێك ناردمنە سەردەشت تا کوو ڕا پەڕینی گەورەی ئێران دەستی پێکرد، ورده ورده هێنامنەوە لای خۆم و ئەوەندەی توانیم به شریت له ئیختیاری خەڵکم نان.**

پاش بیست ساڵ ژیان له شاری سابلاغ به هۆی گیروگرفتی ژیان باوکم ناچار بوو بەرەو بانه بگەڕێتەوه.

باوکم بەرەو بانه گەڕاوه و منیش تەنیا لێره مامەوه، پەردەی تاڵی ژیانم لێرەدا تاریك و لێڵتــر بوو، ناخافڵ لێم قەوما و له باوکم هەڵبڕام، به داخەوه له وڵاتی مەمانانـدا ئینسانی کوێر مەحکوومه به سواڵکردن ژیانی بەرێته سەر، بەڵام ئەمن دوو مانگ به سیغار و بلێتی بەخت ئازمایی فرۆشتن ڕامبوارد. بەڵام داخی گرانم ئەوی هەشم بوو به دەستمەوه نەما چونکی ئی وا هەبوو بلێتی کۆنی دەدامێ و به تازه لێی دەگۆڕیمەوه.

هیچ چارم نەمابوو لەگەڵ تاقمێکی دی له حافزان چوومه دەرەوه بۆ گەڕان . جاری ئەوەڵم بوو، زۆرم لەبەرگران بوو دەست پان کەمەوه و داوای خێر و ئیحسان بکەم . هەر لەبەر ئەوەی ئەوانەی لەگەڵم بوون بۆیان داوا دەکردم.

ناخۆشترین دەورانی ژیانم دەستی پێکرد، هەر شەوەی له دێیەك و له مزگەوته کۆنێك دەماینەوه، به خراپترین جاجم و لێفەی کۆن و پیس دەنووستین تا حەوتوومان لێ تێوەردەسووڕاوه له بەر چڵك و ڕشك و ئەسپێیان ئۆقرەمان لێ دەبڕا، دەردی چاوساغیش سەرەڕای هەموو دەردان بوو، لەگەڵمان ڕێك نەدەکەوتن ئەوەی پەیدامان دەکرد دەبوو لەگەڵمان نیوه کردبان، ئەوەندی پەیداش کرابوو به کەیفی خۆیان بوو، ئەوەی له ماوەی بیست شەو یا مانگێك گەڕان و سووڕانەوەدا دەمان هێناوه حەوتوویەك ژیانی ئێمەی دابین نەدەکرد، دەبوو سەر لەنوێ بڕۆینەوه دەرێ.

هەرگیز له بیرم ناچێ جارێکی له حافزەکان هەڵبڕابووم و بێ چاوساغ به ماشێنی له شنۆیەڕا هاتمەوه نەغەدەی، به تەنیا له ناو بازاڕی نەغەدەدا دەخولامەوه، ئێوارەیەکی درەنگ و کاتی دووکان داخستن بوو، سەرم لێ شێوا بوو، نەمدەزانی ڕوو له کوێ کەم .لەپڕ تووشی ئاشنایەکی لەمێژینەم بووم . ئەو کات ڕەئیسی دادگای نەغەده بوو و له نێو فەقێیان لەگەڵی ئاشنا ببووم، زۆر به گەرمی چاك وچۆنی لەگەڵ کردم و زۆری پێ سەیر بوو منی لەو حاڵەدا دی .

پرسی : بە تەنێ هاتوویە ئێرە و چ دە کەی؟ ئارەقەی شەرمم لە ڕووی نیشت، نەمئەزانی چی جواب دەمەوە، بڵێم لە سواڵ کردنێ بووم؟ نا،نا، هەرگیز .چونکێ ڕۆژێك ئەو منی بە جۆرێکی دی دیبوو . جوابم داوە: سەرێکی شنۆیەم دا، نەختێکم کار هەبوو . بەڵام دەم وچاوی سووتاو و ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕاو و چڵکنی بەرگ و لەش و گۆنای تێك قوپاوم زۆر چاك نیشانی ئەدا لە کوێ بووم و لە چی گەڕاوم . تێگەیشت ئەگەر زیاترم لێ بکۆڵێتەوە بە خۆدا دەشکێمەوە، دەستی گرتم و بردمیۆە میوانخانەیەك و پێی کوت: ئەم مامۆستایە ئەوشەو میوانی منە و دەبێ نان و جێوبانی خۆشی بێ، خەرجەکەشی لە باڵای من، بەیانیش ماشێنی بۆ بگرە و بینێرەوە سابلاغی، کاتێ گەیشتمەوە ماڵێ ئەوەندە بە خۆمدا شکابوومەوە دوو ڕۆژان نانم پێ نەخورا، قەسیدەیەکی دوور و درێژم لەمەڕ چلۆنایەتی ژیانم هۆنیەوە و بۆ ئەو دۆستەم نارد، لەم قەسیدەیەدا چۆنیەتی ژیانی خۆم بۆ ڕوون کردبۆوە و سپاسی خۆم دەربڕیبوو لەو هەموو ڕێزەی ئەوێ شەوێ لێمی گرت.

بەڕاستی هەرچی لەبارەی دێوەزمەی ژیانمەوە بڵێم هەر کەمە، تەنیا دڵخۆشیم بەوەیە نووسراوەکانم دەگەنە دەستی خەڵك و بە ئاواتی دێرینەم دەگەم.

سەرچاوە : کتێبی ( دیاری مەهاباد )

***

مەلا غەفووری دەباغی ڕەنگە لە بواری ئەدەبدا وەکوو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی نەناسرابێ و بەو جۆرەی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار لە نێو خەڵك و ئەدەب دۆستانی کورددا ناسراون، ئەو ناوبانگی نەبێ، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی وردبین و مووقەڵیشانەوە بڕوانینە بەرهەمەکانی بۆمان دەردەکەوێ کە چەندە شاعیرێکی بەتوانا و چەندە زانایەکی ڕووناکبیر و هەست ناسکە.

مەلا غەفوور جگە لە تەبعی شیعری و نووسینی سەدان شیعری بەرز و نەمر و کەم وێنە کە هێشتا زۆریان بڵاو نەبوونەتەوە، لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەیە و چوارینەکانی فەڕوخی یەزدی هێندە شارەزایانە و مامۆستایانە وەرگێڕاوەتەوە کە پیاو سەری سووڕ دەمێنێ کە چۆنی ئەو شێعرە فارسیەی لە بەر کردووە و لە مێشکیدا لێکی داوەتەوە و ئاوا وەستایانە وەریگێڕاوەتەوە و کوردانددوویەتی، دەکرێ بە جورئەتەوە بڵێین کە وەرگێڕانی ئەو چوارینانەی فەڕوخی یەزدی لە باری هونەری وەرگێڕانەوە هیچی لە چوارینەکانی خەیامی مامۆستا هەژار کەمتر نییە.

لە باری زمانی شیعریشەوە خاوەنی زمانێکی تایبەتە و بە ڕاستی ئەو پەتیوێژییەی مەلا غەفوور جێگای سەرسووڕمانە و کە بیر لە نابینایی و ڕووناك دڵیەکەی دەکەیەوە و لەگەڵ باری هونەری و تەکنیکی شیعر پێکیان دەگری سەرت لەو هەموو مرخ و لێهاتووییە سووڕ دەمێنێ و دەبێ بەڕاستی وەك بلیمەتێکی بواری هونەر و ئەدەب چاوی لێ بکەی.

مەلا غەفووری دەباغی تەنیا شاعیر نییە، بەڵکوو کۆمەڵناس و فەرهەنگی و سیاسەتوانێکی لێهاتووشە و بەڕاستی لە هەموو بوارەکاندا خاوەن ئەزموون و زانیارییە و پسپۆڕێکی کەم وێنەیە.

خۆزگە ڕۆژێك هەموو بەرهەمەکانی بکەوتایەتە بەرچاوی خوێنەران و هەموو شیعرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی و ئەویندارییەکانی ڕووناکییان بدیبایە جا ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوت کە مەلاغەفووری دەباغی کێیە و جێی خۆی دەبێ کورد شانازی بە خۆیەوە بکات کە شاعیرێکی ئاوا جیهان بین و خاوەن مرخ و گەورەی هەیە.

ئامادەکردنی / زریان سەرچناری

سەرچاوە/ نامیلکەی چوارینەکانی فەڕوغی یەزدی